# t’ È|ÿýøż

بۆ

قۆناغى سێيەم

م. ژيان عەبدولكەريم

# وانەی یەکەم

## ((شاری بەغداد))

بەغداد لە کۆنەوە بە (دار السلام) بەناوبانگ بوو، ئەبوو جەعفەری مەنسوور، کە یە کێکە لە جێگرەکانی دەوڵەتی عەبباسی، ساڵی (١٤٥)ی کۆچی واتە (٧٦٢)ی زایینی دروستی کرد.

ـ بەغداد ئێستا پایتەختی کۆماری عیراقە، ڕووباری دیجلە بە ناوەڕاستیدا تێ دەپەڕێت و دەیکات بە دوو کەرتەوە . لای ڕاستی پێی دەوترێ کەرخ و لای چەپیشی پێی دەوترێ ڕەسافە . لە بەغداد چەند شەقامی بەناوبانگ هەیە، وەکو شەقامی ڕەشیدو جەمهوورییە و کیفاح و شەقامی ئەبوونەواس. هەروەها چە ند مۆزەخانەیەکی تێدا هەیە، گرنگەکەیان مۆزەخانەی عێراقییە کە شوێنەواری شارستانییەتی دۆڵی ڕافیدەینە لە سەردەمی ئاشوریەکان و بابلییەکان و سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و میدیەکان پێشان دەدات و هەروەها لەو مۆزەخانەیە شوێنەواری شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیشی تێدا هەیە چەند مۆزە خانەیەکی تریش هەیە، وەکو مۆزەخانەی سەربازی و بەغدادی .

له بەغداد چەند زانکۆیەک هەیە وەکو زانکۆی بەغداد و موستەنسرییە و زانکۆی تەکنەلۆجیا.... هتد، هەروەها کتێبخانەی گەورەشی تێدا هەیە وەکو کتێبخانەی نیشتمانی(الوطنية) .

| هاوواتا | دژواتا |
|---|---|
| کەرت = بەش<br>ڕووبار = زێ<br>بەناوبانگ بوو = ناوی برد<br>کۆن = دێرین | ڕاست× چەپ<br>ئێستا × دوایی |

# ڕاهێنان (١)

نیشانەی (√)دابنێ بە رانبەر هەر ڕستەیەک ئەگەر ڕاست بێت و نیشانەی(×) دابنێ ئەگەر ڕستەکە هەڵەبێت ئەنجا ڕاستی بکەوە:

١ـ بەغداد مەڵبەندی زانست وهونەرە.

٢ـ لە بەغداد هیچ دام و دەزگای زانستی نییە.

٣ـ بەغداد یەکێکە لە شارە کۆن و جوانەکانی جیهانە .

٤ـ ئەبوو جەعفەری مەنسوور یەکێکە لە زاناکانی دەوڵەتی عەباسی بوو.

٥ـ بەغداد لای چەپی پێی دە وترێت ڕەسافە.

٦ـ بەغداد ساڵی (١٥٤)ک دروست کرا.

## ڕاهێنان (٢)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بگۆڕە بۆ ڕستەی پرس:

١ـ بەغداد لە كۆنا بە دار السلام بەناوباگە. ( بە چی)

٢ـ ئەبوو جەعفەری مەنسوورشاری بەغدادی دروست كرد. (كێ)

٣ـ شاری بە غدا لای ڕاستی پێی دەوترێت كەرخ. (چی)

٤ـ ڕووباری دیجلە بە ناو ڕاستیدا تێدە پە ڕێت. ( بە كوێ)

٥ـ ڕووباری دیجلە شاری بەغداد دەكات بە دوو كەرتەوە. ( بە چەند)

٦ـ لە بەغداد سێ زانكۆی گەورە هەیە. (چەند)

٧ـ لە بەغداد كتێبخانەی گەورە هەیە. (چۆن)

٨ـ لە بەغداد شەقامی بەناوبانگ هەیە. ( لەكوێ ، چۆن )

# ڕاهێنان(٣)

لە مانەی خوارەوە  وە ڵامی ڕاست هە ڵبژێرە
١-بەغدا لە کۆنا بەچی بە ناوبانگ بوو؟
دار السلام
کۆماری عێراق
ج-شاری ڕۆشنبیری و زانستی
٢- ڕوباری دیجلە بە کوێدا تێ دە پەڕێت؟
أ-ناوە ڕاستیدا
ب-لای چە پیدا
ج-لای ڕاستیدا
٣-چی لە بەغدا زۆرە؟
أ-مۆزە خانە
ب-کارگە
ج-قوتابخانە

٤-کێ بەغدای دروست کرد؟

أ-ئە بوجە عفە ری مە نسوور

ب-خالیدی کوڕی وەلید

ج-هارونی رەشید